# 1- بانگهێشتنێک بۆ خاوەنی کوردستان پۆست
# 2- ڕوونکردنەوەیەک بۆ خوێنەر

**مەهاباد قەرەداغی**

...

## 1- ((بانگهێشتنێک بۆ خاوەنی کوردستان پۆست))

**دوای سڵاو ،**

**ماوەیەکە لە سایتەکەتەوە بە کۆمەڵێ ناوی خوازراو، ناشەیستەترین جنێوم پێ دەدەیت و بوختانم بۆ هەڵدەبەستی. سەرچاوەی ئەم جنێو و بوختانانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن و چ نیازێکیان لە پشتەوەیە؟ دەیزانم و گرنگیش نییە بە لامەوە. دڵنیابە لەوەی کە بەهەمان شێواز و هەمان زمان هیچ وەڵامێک نادەمەوە. بەڵام من کە ناوم ((مەهاباد قەرەداغی)) ییە و هەڵگری دوو ناسنامەم "کوردستانی و سوێدی" بەناو و ناسنامەی خۆمەوە بانگهێشتی تۆ ((کەماڵ جەمال موختار)) دەکەم، کە بفەرمووی لە بەرامبەر سەدان هەزار کەس لە بەرنامەیەکی سەتالایتی کوردییەوە ، ڕوو بە ڕوو، گفتوگۆ دەکەین.**

**من بە تەنها خۆم دێم بۆ بەرنامەکە، بەڕێزت دەتوانی بۆ کۆمەککردنت هەموو ئەو "پیاوانە!؟" بهێنی کە لە سایتەکەتدا دژی من دەنووسن "ئەگەر بوونیان هەیە!"، هەروەها ئەو دوو "پیاو"ەش کە بە ناوی خۆیانەوە جنێو و بوختانیان بۆ نووسیووم و تۆش بە شانازییەوە بڵاوت کردۆنەتەوە. بەڵام جەنابیشت و ئەوانەی تریش بیرتان نەچێت هاوسەرەکانتان، خوشکەکانتان، دایکتان و ژنانی بنەماڵەتان بهێنن، چونکە لە فەرمایشتەکانتاندا وا دەردەکەوێت ڕێگەتان داوە ژنانەکانتان ئازاد و چالاک بن. ئەگەر ژنانی بنەماڵەی بەڕێزتان لەو بەرنامەیەدا هاتنە گۆ و داکۆکییان لە مافەکانی ژنانی کوردستان کرد، ئیدی منیش و چەندان ژنی خەباتگێڕی تریش لە کوردستان و لە هەندەران کە شەومان لەسەر ڕۆژ داناوە بۆ ئەم پرسە گرنگە، باری شانمان سووکتر دەبێتەوە و لە ئێستا ئاسوودەتر دەژین. بەڵێنیش بێت ئەگەر پۆستی وەزارەتێکم وەرگرت بیبەخشم بە هاوسەرەکەی تۆ ئەگەر تەنانەت چارەکێکی من چالاک بێت.**

تکات لێدەکەم کاک موختار ئەم بانگهێشتنە قبوڵ بفەرموو، ئەگەر ژنی وا لە بنەماڵەشدا شک نابەن بیهێنن، خەمناکات هەموو ئەو پیاوانەی لە جۆری خۆتن بیانهێنە. هەموو ئەو بەڵگانەش لەگەڵ خۆتاندا بهێنن کە قسەکانتان لەسەر من دەسەلمێنێ، منیش هەر بە زمانی بەڵگە لەگەڵتان دەدوێم. تا هەردوولامان بە بەڵگەوە بۆ هەمووخەڵکی بسەلمێنین من کام ژنم و ئێوە چ جۆرە پیاوێکن.

ڕووبەڕووبوونەوە ئەوپەڕی ئازایەتی و بەڵگەی بەهێزی دەوێ، دەنا ترسنۆکترین مرۆڤ لە سایتێکی ئینتەرنێتدا دەتوانێت بە بێ بەڵگە هێرش بەرێتە سەر بەهێزترین و دەسەلاتدارترین حیزب و کەس و قێزەوەنترین وشەی لەبەرامبەردا بەکار بهێنێ و ناوزڕاوی بکات. ئەوە عەرز و ئەوە گەز، ئەوە من و ئەوە ئێوە و با هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم بانگهێشتنە دەبینن بەشایەت بن، داوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی شارستانییانەتان لێ دەکەم و لەسەر هەرکام لەو کەناڵە تیڤییانەی کوردستان، ((کوردسات، کوردستان تیڤی، میسۆپۆتامیا و ڕۆژ تیڤی)). ئەگەریش پێتان وایە لەبەر ئەوەی ئێوە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەلاتی کوردین و ناوێرن بێنەوە کوردستان بۆ ئەو بەرنامەیە، من وەکو ژنێک کە بە شانازییەوە ئیعتیبارم لای هەموو هێز و حیزبەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە، گەرەنتی پاراستنی ژیانتان دەکەم و دڵنیاتان دەکەمەوە کە نە ینک، نە پدک، نە کادەک، نە حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و نە هیچ هێز و لایەنێکی تری کوردی لە گوڵێ کاڵترتان پێ نەڵێت. بەلام من تا سنووری حەمرین گەرەنتیتان دەدەمێ و ڕەنگبێ لەوێ بەولاوە پێویستتان بە گەرەنتی من نەبێت.

ئێستا بەڕێزت و "هیوا"کان و، "توانا"کان و "ئارام"ەکان و پیاوەکانی ترت، ئازادانە لەبەردەم دوو ئەڵتەرناتیڤدان، یان بانگهێشی من قبوڵ دەکەن و بە ئاشکرا و ڕوون و ڕەوان، ڕێک بەرامبەر بە یەکتر و جوان جوان چاو دەبڕمە نێو چاوتان و لەگەڵتان دەدوێم و ئێوە بۆ ئەو خەڵکەی دەسەلمێنن "من پارتیم، قەڵەمم فرۆشتووە، بازرگانیم بە پرسی ژنەوە کردووە و هەموو بوختانەکانی ترتان" یان ئەم داوایە قبوڵ ناکەن و درێژە بە ترسنۆکی دەدەن و جنێو دەدەن و بوختان دەکەن.

ئەگەر ڕێگەی دووەم هەڵدەبژێرن، ئەوە بێدەنگ دەبم و یەک وشەی لەو جۆرەی ئێوە شک نابەم وەلامی پێ بدەمەوە، ئەگەر ئەڵتەرناتیڤی یەکەمیش هەڵدەبژێرن سەر سەر و سەرچاوان، کات و شوێن دیاری دەکەین و لە کام تیڤی خۆتان دەتانەوێت هەڵبژێرن و وەرگرتنی ئیزنی ئەو بەرنامەیەش هەر بۆ من دابنێن. بە نیازی دیدارتان لەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو.

...

2005/01/22 ستۆکهۆلم

mahabad03@hotmail.com
qmahabad@hotmail.com

## 2- ڕوونکردنەوەیەک بۆ خوێنەر

خوێنەری هێژا.. ڕەنگە ئەو جنێوانەت بەرچاوکەوتبێت کە لەو بانگهێشتنەی سەرەوەدا ئاماژەم پێداوە. ئەو جنێوانە لە پای ئەوەن کە من دیدارم لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کورددا کردووە و ڕەنگە بۆ خۆشت ئەو دیدارانەت خوێندبێتەوە کە لە کوردستان نێت و سایتی ژننامە دا بڵاوکراونەتەوە. لەناو هەموو دیدارەکانی تریشدا دیدارم لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی، کراوە بە نیشانەی تیری پەلاماری کەسانی "لەسەرەوە ناوبراو" و بە شێوازێکی تەواو ناشایستە تۆمەت و جنێو دەدەن. ئەوەتا بۆ ئەوان پێشنیاری ڕووبەڕووبوونەوەم کردووە. ئەم ڕوونکردنەوەیە تەنها بۆ ئێوەیە، بۆکەسانێک کە ڕێز لە مرۆڤ دەگرن.

لەناو ساڵی ڕابردوودا من دوو سەفەری کوردستانم کردەوە. یەکەمیان لە هاوین و دووەمیان لە کۆتایی ساڵی 2004. پرۆژەیەکی گەورە و گرنگ بۆ یەکخستنی داخوازییەکانی ژنی کورد، کە لەگەڵ دەیان ڕێکخراو و کەسایەتی و پسۆڕی کوردستانی و جیهانی بەناوی "داخوازینامەی ژنی کورد" وەوە کارمان بۆ کردبوو، وەک ئەرکێک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی هەموو ڕێکخراوەکان، حیزبەکان، کەسایەتییە کلیلییەکان لە هەر چوار بەشی کوردستاندا، دیدارمان لەگەڵ سەدان کەسدا ساز داوە. هاوڕێکانم و خۆم کە ئەرکی

داڕێژانەوە و کاربۆکردنی ئەو پرۆژەیەمان دابوو، چ پێکەوە و چ بە جیا سەردانی گروپ و ڕێکخراو و لایەنەکان و هێزەکوردستانییەکان کردووە، هەر بۆ نموونە ناوی هەندێک لەو سەرکردانەی کە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیان چ من، چ هاوڕێکانم، چ هەمووومان پێکەوە لە بارەگاکانیان سەردانیمان کردوون :

- لە باشوور: بەڕێزان" نێچیرڤان بارزانی، د. بەرهەم سالح، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ، مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی و.. هەندێ بەڕێزی تر" "جگە لە دیدارەکەی مام جەلال کە بەڕێکەوت بوو، دیدارەکانی تر هەمووی دیداری تایبەتی و ڕەسمی ئێمە بووە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییان بۆ داخوازینامەی ژنی کورد. لە سەردانی ئەم جارەشدا خواستێکی وا هەبوو بۆ دیداری مام جەلال و مەخابن ڕێک نەکەوت"
- لە ڕۆژهەڵات: بەڕێزان کاک مستەفای هیجری، کاک عەبدوڵڵای حەسەنزادە، کاک برایمی عەلیزادە، کاک محەمەدی نەبەوی، شێخ عیزەدینی حوسەینی و.. هەندێ بەڕێزی تر.
- لە باکوور: سەردانی تایبەتی خاتوو لەیلا زانا و هاوەڵەکانی.
- لە ڕۆژئاوا: لەگەڵ هەندێ لە کەسایەتییان کە لە هەنداران دەژی.

ئێمە وەک کۆمەڵێ ژنی چالاک و سەربەخۆ ویستوومانە بە شێوازێکی مۆدێرن چەندان کەناڵی جیاواز و کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانی کوردستان خەباتێکی هاوچەرخ گەشەپێبدەین. هۆشیاریشین لەوەی کە بەرەوپێشەوەچوونی خەباتی ژنان لە کوردستاندا کەسانێک تووڕە و پەست دەکات. ئەو کەس و هێز و گرووپانەی کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئازادبوونی ژن، گەیشتنی ژن بە ناوەندەکانی بڕیار و بەشداری ژن لە سیاسەتدا وەک هەڕەشەیەک لەسەر خۆیان دەبینن، بێگومان بە هەموو هێزی خۆیان دژایەتی شەپۆلی پێشکەوتنخوازی دەکەن و دەیانەوێ بەربەست لەبەردەم خەباتی ژناندا دابنێن و خەباتکارەکانی سارد بکەنەوە.

من وەکو خۆم، ژنانی کوردستان، ئازادیخوازان و مافپەروەران دڵنیا دەکەمەوە کە وەک چۆن چارەکە سەدەیەکە بە بێوچان و بە بێ وەستان کار بۆ ئامانجە پیرۆزەکان دەکەم، لەمەودواش بەهەمان گوڕ و تین و هەناسەوە و بگرە زۆر گەرموگوڕتریش لە جاران کار دەکەم.

ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت کە گوایە من بوومەتە ئەندامی حیزبێک، من پێویستم بەوە نییە سوێند بخۆم پارتی نیم، یەکێتی نیم، فلاّن و فیسار حیزب نیم، چونکە سەردەمی خەباتی نهێنی لە باشووری کوردستاندا بەسەرچووە و بە ئاشکرا خەبات دەکەین. ئەگەر لۆژیک لەوەدا هەبێت کە مرۆڤ بە دیداریێ لەگەڵ سەرۆکی حیزبێکدا ببێ بە ئەندامی ئەو حیزبە، ئەوە بەو پێوەرە، وەک لە سەرەوە ناوم بردوون من ئەندامی هەموو حیزبەکانم. لە پێش ئەو بەڕێزانەشەوە کە "ئەوپەڕی دیدارم لەگەڵیاندا یەک تا دوو کاتژمێری خایاندووە"، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عێراق دێت، کە تەنها لە یەک هاویندا، نزیکەی 350 کاتژمێر لە سێ مانگدا، کۆلان بە کۆلان و شاخ بە شاخی شاری فالشۆپینگ لەگەڵ هاوڕێ عەزیز مەحەمەد دا پیاسەم کردووە و گفتوگۆی سیاسیمان کردووە.

ئەگەر ببم بە پارتی یان یەکێتی یان کۆمۆنیست یان هەر حیزبێکی تر بە ئاشکرا دەبم و لە هیچ مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینەش ناترسم. پارتی بوون، یەکێتی بوون، کۆمۆنیست بوون، سۆسیالیست بوون نەنگ نییە و هەموو کەسێک مافی خۆیەتی هەر حیزبێک پێی باش بێت ئەندامی بێت. هیچ کەسێک بۆی نییە ئەو مافە لە تۆ، لە من، یان لە هیچ کەسێکی تر زەوت بکات.

من لە ژیانمدا کاری سیاسیم کردووە و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوومە و شانازیشی پێوە دەکەم، کە وازم هێناوە و وەک سەربەخۆیەک درێژەم بە خەباتی خۆم داوە مانای ئەوە نییە دژی ئەو حیزبەم، بەلاّم مافی خۆم بووە و هەمیشەش ئەو مافەم هەیە لەسەر هەندێ پرنسیپی مرۆیی و یەکسانیخوازی ڕەخنەی لێ بگرم. کەسانی تر چۆن دەڕواننە دەسەلاّتی کوردی و چۆنی ڕەخنە لێدەگرن کەیفی خۆیانە، بەلاّم من تەنها وەکو خۆم بیر دەکەمەوە. خۆیشم ڕەخنە لە پێناوی بەهێزکردنەوەی دەسەلاّتی کوردیدا دەگرم نەک ڕوخانی. من زۆر بە ئاشکرا و لە چەندان بۆنە و نووسینی جیادا ڕەخنەم لە ینک گرتووە کە

له سەرکردایەتیدا ژن نییە و هتد. ئەم ڕەخنەیەم لە پارتیش گرتووە و دەیگرم. پێش دیدار و دوای دیداری ئەو بەڕێزانەش ئەو مافەم هەیە ڕەخنە بگرم.

بەڵام بۆچی بە نهێنی دەبم بە پارتی یان یەکێتی؟ ئەوەتا بە ڕاشکاوییەوە ئەم ڕایانەی خۆم بۆ یاران و نەیارانیش بەیان دەکەم. من لە هەر کام لەم حیزبانە بم لە پلەی "ئەندامی سەرکردایەتی" کەمتر قبوڵ ناکەم، چونکە بە هەموو پێوەرێک خۆم بە شایستەی ئەو پلەیە دەزانم. کاتێکیش ئەو پلەیە قبوڵ دەکەم کە جگە لە من چەندان ژنی شایستە بەو پلەیە لە سەرکردایەتی ئەو حیزبانەدا بن، واتە لای کەم سێ یەکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە ژن بێت. مەرج نییە ئەو ژنانە لە بنەماڵەی خۆیاندا بێت، بەڵکە لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کورددا بێت. جگە لەوانەش، کاتێک ئامادە دەبم ببم بە پارتی یان یەکێتی کە کاک مەسعود یان مام جەلال ڕێگە بدەن دەستکاری پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکە بکەین و جێدەستی ژن بە دارێژانی ئەو پەیڕە و پرۆگرامانەوە دیاربێت و لە داهاتووی کاریشدا ئافرەتانی کوردستان لەناو حیزبەکاندا دەرفەتی یەکسانیان لەبەردەمدا بێ بۆ گەشەسەندن و بۆ وەرگرتنی هەموو پلە و پایەیەک. ڕووانینیان ڕوون بێت بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی و کەرکووک.

هەر کام لەم دوو حیزبە ئەم مەرجانەی تێدا بێت من بە شانازییەوە دەبم بە ئەندامی. ئێستاش کە ئەندامیان نیم، مانای ئەوە نییە دژیانم و دانوستانیان لەگەڵدا ناکەم. دیداریشیان دەکەم، بەڵێنەکانیشان بۆ ئافرەتی کورد بە بایەخەوە لێ وەردەگرم و بڵاو دەکەمەوە، دەستخۆشیشیان لێ دەکەم بۆ کاری باش کە دەیکەن، بۆ یاسای باش کە دەریدەکەن، ڕەخنەشیان لێ دەگرم بۆ کاری دژوار. مەگەر ئەمە لۆژیک نییە مرۆ بە کاری باش بڵێ باش و بە کاری خراپ بڵێ خراپ؟! سیاسەت بە هەست و غەریزە ناکرێ، بە عەقڵ و مەنتق دەکرێ. سیاسەت زانست و هونەرە. وەک ماتماتیک لەگەڵ هاوکێشەدا ڕووبەڕووت دەکاتەوە، دەبێ بە فیکر ئەو هاوکێشانە هاوسەنگ بکرێنەوە.

من بۆ ئەوەی ببم بە وەزیر یان سەفیر، یان هەر ئەرکێک لە حکومەتی داهاتوودا بگرمە ئەستۆ، پێویستم بەوە نییە ئەندامی پارتی یان یەکێتی بم، پێویستم بەوەیە کوردێکی دڵسۆز بم، سیاسییەکی چالاک بم، ژنێکی بوێر بم. ئەگەر لۆژیک حوکم بکات ئەوانە پێوەرن بۆ ئەوەی

ئەو مافەم هەبێ ببم بە وەزیر نەک پێویست بکات ئیللا پارتی یان یەکێتی بم، یان خوشکی شەهیدێ، کچی ملیۆنێرێ یان ژنی سەرۆکخێڵێک بم. ئەگەر پێوەرە لۆژیکییەکان دەمکەن بە وەزیر، بە شانەزییەوە دەبم، خۆ ئەگەر پێوەرەکانی تر کار بکەن ئەو کورسییەم پێویست نییە. ئەگەر من وەک شایستەیی خۆم بە حکومەت پێویستم و دەزانێ دەتوانم خزمەت بکەم، دەیکەم. خۆ ئەگەر لەبەر ناوی باب و برا و مێرد و خزم تەعینم کات، ئەوە هیچ، چونکە خۆم لەهەموویان ناودارترم و هەموویان شانازیم پێوە دەکەن. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو کەسێ کە بە عەقڵ، مەتق، ژییری دەڕوانێتە دیاردەکان و کەسەکان و، هەست وغەریزە نایبزوێنێ.

...

**2005/01/22**

ستۆکهۆڵم